# دیاردەی گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان چەند سەرنج و تێبینیەك



د. حسن خالد موفتی
سەرۆکی بەشی شەریعە
کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان - هەولێر

بێگومان گەشت و گەشتیاری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگیی و بایەخی زۆری پێ دراوە، وە بەشێوازێکی گشتی ئیسلام بە ڕەوای زانیوە ئەنجامدانی گەشت بۆ جێگا جیاجیاکانی سەر ڕووی زەوی بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن و شارەزا بوون و یەکتر ناسین و فێربوونی زانست.. هتد، چونکە دەقەکانی قورئان لەم بوارەدا ڕەهان لە ڕوانگەی جێگاوە، بەلاَم سنووردارن لە ڕوانگەی ئامانج لەو گەشتەدا، وەك لە چەند جێیەك هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ ثُمَّ انظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ سورة الأنعام(١١) ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ﴾ سورة النمل (٦٩) ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ سورة العنكبوت(٢٠)، بەلاَم وەك هاتووە پێویستە ئامانجەکان مرۆڤ بگەیێنێتە ڕاستیەکان و پەند وەربگرێت و لە ئامۆژگاری لەو گەشتانەدا بەهرەمەند بێت.

هەروەها قورئان باسی گەشت و ئەسفاری زۆری لە کردووە دەربارەی پێغەمبەران و پیاوچاکان، لەوانە گەشتی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) لە نێوان عێراق و حیجاز و شام و کەنعاندا، وە گەشتی حەزرەتی موسا (علیه السلام)و گەڕانی بەدوای حەزرەتی (خضر)دا ﴿قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا﴾ (سورة الكهف: ٦٦)و گەشتی (ذو القرنین) بەتەواوی دونیادا بە فەرمانی خودا (جل جلاله) وەك دەفەرمێت: {إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا} سورة الكهف(٨٤).. هتد.

ئەم گەشتانە گەشتی لاشەو جیسمانیین وە تێکڕای خەڵکی دەگرێتەوە، بەلاَم گەشتێکی تریش هەیە ئەویش (گەشتی ڕۆحانی) یاخود (سەیری ڕۆحی)یە، ئەم جۆرە گەشتە تایبەتمەندە بە پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە، وە زۆر بەربلاَوو بەرفراوانتر لەجۆری یەکەم، وەك خوای گەورە دەرهەق حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ﴾ (سورة الأنعام: ٧٥) یاخود گەشتی تایبەت بە حەزرەتی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) کە ناسراوە بە موعجیزەی (ئیسرا ومیعراج) کە بەپێی ڕای زۆربەی زانایانی زانستی عەقائید گەشتەکە بە ڕۆح و بە لەش ئەنجام دراوە بۆ (بیت المقدس)و لەوێشەوە بۆ ئاسمانەکانی و بەرەو ویستی پەروەردگار.. وەك لە قورئان دەفەرموێت ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾ (سورة الإسراء: ١) ﴿لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى﴾ (سورة النجم: ١٨)، هەروەها لە نموونەی گەشت و سەیری ڕۆحی لە تەصەووفدا کە زانایانی ئەو زانستە باسیان لێوە کردووە، لەوانە (ئەبو تالبی مەککی) لە (قوت القلوب)دا، وە ئیمامی قوشەیری لە (الرسالە)داو ئیمامی غەزالی لە (إحیاء علوم الدین)داو ئیمامی (إبن القیّم) لە(مدارج السالكین)دا، وە جگە لەمانەش.

بەلاَم لێرەدا ئەوەی مەبەستە گەشتێکە کە موسوڵمان ئەنجامی دەدات بەرەو جێگەیەکی تر، ئایا لەڕوانگەی شەریعەتەوە حوکمی چیە؟

وە گرنگە ئەو حوکمە بزاندرێت بەتایبەت ئێستا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دیاردەی گەشتیارانی ولاَتانی چواردەور بۆتەوە، بە تایبەتی تر لە ناوەڕاست و خواروی ولاَتی عێراقەوە.. بۆیە بەپێی ئەو پێشەکییەی ڕوونمانکردەوە دەڵێین:

١ - گەشت و گەشتیاری لەخودی خۆیدا کارێکی دروستە هیچ سانسۆرێکی ئاینیی لەسەر نییە.

٢ - بەلاَم گەشتی دروست دەکرێت بە سێ بەشەوە:

أ - گەشتی پێویست و ئەرك (واجب): وەك ئەنجامدانی گەشتی حەج و عومرە، یان بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی، یاخود بەمەبەستی فێربوونی زانستێك کە لەشارەکەی خۆیدا دەستی نەکەوێت.

ب - گەشتی سوننەت و مەندوب: وەك ئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی خوێندنی زیاتر و بەدەستهێنانی پسپۆری لە ولاَتانی ئیسلامیدا، یاخود گەشتکردن بەمەبەستی بانگەوازی هەق بەگوێی خەڵکیداو ڕونکردنەوەی وردەکارییەکانی شەریعەت بۆیان.

ت - گەشتی دروست و موباح: وەك ئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی گۆڕینی ئاووهەواو سەیرکردنی سروشت.. هتد

بەشی دووەم: گەشتی نادروست.

ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

ا - گەشتی حەرام: وەك ئەنجامدانی گەشتوگوزار بەمەبەستی کاری خراپ، بە هەر شێوازو لە هەر کات و ساتێکدا بێت.

ب - گەشتی مەکروە: وەك ئەنجامدانی گەشت بە مەبەستی باش، بەلاَم لە جێگا مەکروهە کاتدا کە مرۆڤ تیایدا تووشی تێکەڵی نامەحرەم و خواردنی حەرام و گوفتارو ڕەفتاری حەرام بێت، یاخود لە نمونەی گەشت لەتەك نامەحرەمدا بە تەنها.

وەك گەشت بۆ ولاَتانی ئەوروپا بەمەبەستی خوێندن لەکاتێکدا ئەو خوێندنە لە وولاَتی خویدا هەبێت، یاخود گەشت بۆ هەندی لە سەیرانگاکان کە توشی تێکەڵ و کاری نادروست دەبێت، یاخود لە نمونەی گەشتی گەنجانی کوردستان بۆ هەندەران بەمەبەستی کەسابەت و بژێوی ژیان.

٣ - ماوەتەوە بلێین دیاردەی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان دروستی و نادروستیدا.

بەڕاستی پێویستە گەشتیارانی کوردستانیش سەرەڕای ڕێنمایەکان حکومەتی هەرێم و ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەمنی گرتنەبەری کاری پێویست، گرنگە:

١ - وەزارەتی تەندروستی هەرێم ساڵانە ڕێنومایی تایبەت دەربکات سەبارەت بە گرنگی پاك و خاوێنی گەشتیاران و ئەنجام دانی فەحص و پشکنینی تایبەت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیان لە هەر نەخۆشییەکی خراپ.

٢ - وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان گرنگە بەیاننامەی تایبەت دەربکەن سەبارەت بەو زەوابیت و مەرجانەی کە لەشەریعەتی ئیسلام و دابونەریتی چاك و ڕەسەنی کۆمەلاَیەتی کوردستاندا ڕەچاوخراون و لەئادابی گشتی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی گەشتیاران و چۆنیەتی پۆشاك و جلوبەرگیان و ... هتد کە بەپێویستی بزانن کە تەواوی گەشتیاران ڕەچاوی بکەن.

چونکە بەڕاستی ئەمڕۆ لە کوردستان دیاردەیەکی نامۆ بە کۆمەڵگای کوردەواری، پەیدا بووە کە بریتی یە لە گەشتی عەرەبەکان لە ناوەڕاست و خواروی عێراق کە زۆربەی زۆریان ئاداب و نەریتی کوردستان ڕەچاو ناکون و بوونەتە سەرچاوەی ئیزعاجی بۆ دانیشتوانی هەرێم بەتایبەت لەسەیرانگاکاندا، وە جلوبەرگی نامۆ بە کوردستان لەبەردەکەن، چ پیاویان چ ئافرەتیان، هەروەها گەنجێکی زۆری موراهیق کەرو دەکەنە کوردستان پابەند نین بە دابونەریت و یاسا، دەبینین لە هەر کۆڵان و کۆچەو جادەیەکدا بە هەوەسی خۆیان دادەبزن و دەست دەکەن بە سەماو تەبل کوتین و ... هتد وە شعورو هەستی خەڵکی ڕاناگرن کە ئەمەیش پێویستە سنوری بۆ دیاری بکرێت.

٣ - وەزارەتە پەیوەندیداوەکانی دی پێویستە ڕێنمویی تایبەتیان هەبێت سەبارەت بەو سەیارانەی دێنە ناو هەرێمەوە وە مەرجی یاساییان تیا بێت و لەڕێنماییەکان لانەدەن، چونکە شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلانە پابەند نین و هەروەك ناوەڕاست و باشوور لێدەخورن، وە مەنزەرەو جوانی شارەکانیان ناشیرین کردووە.

ئەمەو چەندین ڕێنمویی و مەرجی تر کە پێویستە حکومەتی هەرێم بیگرێتە بەر وە تەنها خەیاڵی لای ئابوری نەبێت و بوارەکانی تری کۆمەلاَیەتی و ئاینیی و.. هتد پشتگوێ بخات، خوا هاوکاری هەموو لایەك بێت.

# بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە نەریتێکی کۆنە پەرستانەی جیهانگیری...

ئا/ هەلاَڵە محەمەد

"ئازارەکان کۆتایی نایەن، هەموو ساتەکانمان دەبێت خزمەتکاریان بین، پێویستەکاربکەین، بەلاَم لەشوێنی زۆر خراپ و نزم.. مالّی لەش فرۆشان... هەندێ جار بەشداری جەنگە ترسناکەکانمان پێ دەکەن یان کاری زۆر ناشایستە بە مرۆڤایەتی .... نایەڵن بە ئاسودەیی سەربخەینە سەرسەرین!!! خواردنمان پێنادەن مەگەر بەرماوەی خۆیان و سەگەکانیان... کاتێك توشی نەخۆشی دەبین بەرەڵلادەکرێین و جادەش نامانگرێتە خۆ، ئەوکات منالّەکانمان هەمان هەنگاوی ئێمە دووبارەدەکەنەوە... بازرگانی بە هەموو کات و هەست و نەسستێکیانەوە دەکرێت".

ئەمە حالّی (٢٧) ملیۆن مرۆڤە لەسەر ڕووی زەویدا، ٨٠٪ یان ژن و منداڵن لەژێر چەترێك کە پێی دەڵێن بازرگانی کردن بەمرۆڤ...

ئەمڕۆ بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، کەلەڕێگەی فڕاندن و کڕین و ترس و تۆقاندن و چاوبەستکردنی بەرامبەرو زۆرداری دروستبووەو، گەورەترین بازرگانی بێ شەرعیەتە لەجیهاندا، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ilo) لەڕاپۆرتێکی داکەباس لەقازانجی ئیستیغلالکردنی ژنان و مندالاَن لە ڕووی سێکسیەوە دەکات.

سالاَنە ٢٨ ملیار دۆلارە، هەروەك قازانجی کارکردنی زۆرە ملێی بە ٣٢ ملیار دۆلار لەساڵێکدا دادەنێت، ڕێکخراوەکە دوپاتی کردەوە ٩٨٪ی قوربانیەکان بەگەڕخراوی بازرگانی یە بەسێکس (ژنان و منالاَن)، کەنزیکەی ٣ ملیۆن مرۆڤ سالاَنە لە جیهاندا ئەم کارەیان پێ دەکەن، لەناویاندا ١/٢ ملیۆنی منداڵە، ٤٥ تا ٥٠ هەزار لە قوربانیەکان دەبرێنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قوربانیانی، لەلایەنی مرۆییەوە تێك دەشکێن لەدوای دەسبەسەرا گرتنیان، مەخابن زۆرێك لەوان خۆیان گەردن کەچ دەبن بۆ ئەم کارە لەترسی هەژاری و داماوی و گەڕان بەدوای کارداو، بەلاَم پەیمانی درۆیان پێ دەدەن و دەستیان دەبڕن!؟

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی دوپاتی دەکاتەوە کەسالاَنە سەدان ژن دەفڕێنرێن و دەبرێنە ئیسرائیل بەمەبەستی گەرمکردنی بازرگانی سێکسی لەولاَتەدا، کۆمپانیای بەرهەم هێنان و پرۆژەکانی بازرگانی لەئیسرائیلدا، بازرگانی بەکرێکارە بیانیەکان دەکەن و بەزۆروبەشێوەکی جەرگ بڕ، وەك بەندە کارو مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

ئەم دیاردە ناپەسەندە ولاَتانی عەرەبیشی گرتۆتەوە، هەستی کۆمەڵگە بەشێوەکی کەم کە باس ناکرێت جولاَندوە.. بەلاَم زۆربەی ولاَتانی عەرەبی کاریان بۆ ڕووبەڕوبونەوەو لەناوبردنی دیاردەکە نەکردووە!

ڕاپۆرتی سالاَنە کەلە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم بارەیەوە بلاَوی دەکاتەوە خۆی لەخۆیدا ڕێگایەکی باوەڕ پێکراوە کە پێویستە هەوڵی نەهێشتنی بدرێت!

ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی کە لەساڵی ٢٠٠٦دا دەرچووە دەربارەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، ئاماژە دەکات بە بوونی ئەم دیاردە ناسۆرە لە ١٣٩ولاَت لەناویاندا (١٧) ولاَتی عەرەبی باسکراوە.؟! کە هەریەك لە (جەزائیر، بەحرەین، میسر، لیبیا، موریتانیا، مەغریب، ئوردن، کوەیت، لوبنان، عەمان، قەتەر، سعودیە، سودان، ئیمارات، یەمەن، تونس، سوریا)، بەلاَم زۆرجێگەی سەرسوڕمانە کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە عێراق نەداوە، لەگەڵ نەش ونماکردنی ئەم دیاردەیە دوای هاتنی داگیرکاری ئەمریکی بۆ سەر خاکی عێراق، ڕێکخراوی ئازادی ژنانی عێراق، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی کردووە بە ڕفاندنی زیاتر لە ١٠٠٠ ئافرەت لەماوەی ٣ ساڵی ئەو داگیرکارییەدا، بەمەبەستی وەرگرتنی (فدیە) لەکەس و کاریان یا بازرگانی کردن پێیانەوە، یەکێك لەسەرکردەکانی پۆلیسی عێراقی بەندکراوە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بۆ گۆڤاری (نیوز ویك) ی ئەمریکی لێدوانی داوە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق زۆریان لێکردووە بەڕێگەدان بە ئازادکردنی ژنانی لەش فرۆش و زانی و گوادەکان لەشاری بەغدادا؟!.

گۆڤارەکە لەزاری ئەو بەرپرسەی پۆلیسەوە دووپاتی کردەوە کە شوێن و جێگەی لەش فرۆشەکان بلاَوەوە ناسراون، هێزە ئەمریکیەکان ئەیان پارێزن و دایاندەپۆشن، کردویانە بەبازرگانیەکی بە قازانجی ڕەواجدار.

ئەوکاتە ئیدارەی جۆرج بۆش هەستاوە بەدروستکردنی کۆمپانیاکانی تایبەت بەبازرگانی کردن بەجنسەوە لەناو عێراقدا.... بەڵگەش بۆ ئەم کارەی کەپنتاگۆن پێی هەستابۆ بەڕێوەبردنی بەندیخانەو ڕاهێنانی کادری ئەمنی عێراقی کە بەڕێوبەری دەستبەراگرتنی لەلایەن کۆمپانیای (دینکورب)ی ئەمریکی یەوە، ئەم کۆمپانیایە پێشتر تێوەگلابوو بەبازرگانی کردن بەبەندەو فرۆشتنیان بە هێزەکانی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی لەبۆسنە!! لەگەڵ نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەوپڕو پاگەندانەی کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەکرێتەوە، بەلاَم گەر سەیر بکەین بەهەزاران قوربانی سالاَنە دەگوێزرێنەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ ئەوەدا ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکی دانیپیاناوە کە ٤٥ بۆ ٥٠ هەزار لەو قوربانیانە سالاَنە ڕەوانەی ئەمریکا دەکرێن. (cia)

لەگەڵ بوونی ئەم دیاردە ناشارستانیەدا، حوکمەتەکان دابەش دەبن بەسەر ٣ جۆردا لەمامەڵەکردن بەبازرگانی کردن بەمرۆڤەوە:

- حکومەتی دوو لایەنە... هەندێ لەولاَتان ئیدانەی ئەم دیاردەیە دەکەن لەگەڵ بلاَوبونەوەی بە ولاَتەکانیاندا، وەك ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا... کەڕوبەڕوی ڕەخنەی زۆر بونەتەوە بەهۆی خۆ بواردن لەدژایەتی کردنی ئەم بازرگانییە!؟

- حکوماتی نێگەتیڤ... وەك زۆربەی ولاَتانی عەرەبی کە هیچ نالێین دەربارەی قەزیەکەو بەخەیالیاندا نایەت!!

- حکوماتێك ڕێوشوێنی تەواویان گرتۆتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی دیاردەکە، وەك یابان کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤی هەمواردکردوە، ئەوەش لەوەلاَمدانەوەی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی...

نەمان و فشەڵبوونی یاساکان فاکتەرێی سەرەکیە بۆ بەردەوام بوونی ناسۆرییەکە، چونکە بەرزترین زیندانی ئەو کەسەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکات (٢٠) ساڵە کە زۆر کەمە... زانراویشە زۆر جار کۆتایی بە حوکمەکەی دەهێنرێت و ئازاد دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٤دا ٧ هەزار کەس بەتۆمەتی بازرگانی کردن بەمرۆڤەوە ڕووبەڕووی دادگاکرانەوە، لەو ژمارەیە ٣ هەزاریان ئیدانەکراو زۆرێکیش لەوانە کۆتاییان پێهێنرا بەسزادانی قوربانیەکان، بەناوی ئەوانە بێگانەو خەڵکی ولاَت نین! وەك ئەوەی کە لەیابان پێش هەمموارکردنی یاساکە ڕویداوە.

## پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی کردن بە جنسەوە..

بەدڵنیاییەوە حالّی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان باشترنییە لە زۆربەی ولاَتان لەگەڵ بوونی مادەی ژمارە (٤) لە جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەقەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی و بەبەندکردن دەکاتەوە، وەبازرگانی کردن بە کۆیلەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەو ڕەت دەکاتەوە، ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەروەك پیشەی هەمیشەیی کۆتا بووە لەمەڕ ئەم مەسەلەیە.

## ڕێنمونی کۆمەڵگە:

ئەو هیوایەی کەماوە تەنها هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە بۆ کۆتایی هاتن بەم مەئساتە جەرگبڕە!! ڕێکخراوە نێو خۆیەکانیش لە سێ بواری سەرەکیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا دەکەن.

یەکەم: چاوڕۆشنی و ئاگادارکردنی ڕای گشتی دەربارەی دیاردەکە.

دووەم و سێیەم: داواکردنی هەمموارکردنی یاساکە و یارمەتی دانی قوربانیان.

دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوبەجیهانیکردنی دونیا، بەلاَم لەچەمکە خراپ و ڕزیوو بەسەرچووەکاندا بۆ دواوە دەگەڕێینەوە، مرۆڤایەتی بەرەو کارەساتی تیاچون دەبەن!! چواردە سەدە بەر لەئێستا لەجاڕنامەی گەردونی خوایی بۆ مرۆڤەکان (قورئانی پیرۆز) چەندان بەندو دەیان ماددەی بۆ کۆتایی هاتن بەکۆیلایەتی و بەندایەتی ڕاگەیاندو دابەزی و هەنگاو هەنگاو کۆتایی بەم دیاردەهێنرا، شیعاری (ان اكرمكم عند الله أتقاكم) (لافضل لعربی علی أعجمی الابالتقوی) بووە سەرەتاو کۆتایی، بۆئەوەی جارێکی تر کۆتایی بەم دیاردە ئەگریسە بهێنین پێویستی بەگەڕانەوەیە بۆ ڕۆحی بەرزی ئیسلام (متی استعبتم الناس وقدولدتهم أمهاتهم أحرارا).

سود لە سایتی ئیسلام اون لاین وەرگیراوە.

# تەکریم لەنێوان تەوبیخ و تەحقیر و تەحبیبدا

سەنگەر عەبدولقادر

لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێزگرتن (تکریم) بەهای خۆی هەیەێ لە زۆربەی فەرموودەکاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمەی مرۆڤ ڕێز لە یەکتر بگرین و، یەکترمان خۆشبوێت، لەبەرامبەریشدا هەرگیز بە چاوی کەم سەیری یەکتر نەکەین، خۆ لەسەر یەکتر هەڵنەکێشین، جا بۆیە پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێ (لیس منّا من لم یرحم صغیرنا ویوقر کبیرنا)، واتە لە ئومەتی من نیە ئەوەی بەزەیی بە گچکەدا نەیەتەوەو ڕێزی گەورە نەگرێ.

لەو فەرموودەوە وامان بۆ دەردەکەوێ، گەر کەسێك بیەوێ هەرچەندە گەورەش بێت ئەگەر ڕێزی بگیرێ دەبێ بەزەیی بەوانە بکات، کە لە تەمەنی خوار خۆیەتی، یان با ئەو کەسە منداڵیش نەبێ بەڵکو لە تەمەنی لە تەمەنی خوار خۆیەتی ئەبێ ڕوحمی پێ بکات و ڕێزی بگرێ، جا ئەگەر وات نەکرد نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەی، کە ڕێزت بگیرێ، چونکە تۆ هۆکاری بۆ ئەوەی کە ڕێزت نەگیرێ، تۆ قۆناغی یەکەمت جێبەجێ نەکردوە کە بەزەیی کردنە بەوەی لەژێر خۆتەوەیە، بۆیە دەبێ تەحەمولی ئەنجامەکەشی بکەی، نەك بڵێی ئەوە فلانە کەسە کەسێکی ئەوهاو ئەوهایە، ڕێزی ناگرم، برام داری ڕاست بە چاوی خێل خوارە، ئەگەر تۆ ڕێزی لە خۆت نەگری چاوەڕێی ئەوە مەکە کە ڕێزت بگیرێت، چونکە تۆ بە نزم لە خەڵك دەگەی، نازانی کە تۆ لەوان نزمتری، جا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ لەناو هەندێ چین و توێژی هەستیار لە کۆمەڵگادا دەبینین، تۆ ڕێزی بەرانبەرت دەگری بە جوانترین ڕێز، ئەویش وەلاَمێکت دەداتەوە کە بەڕاستی وەلاَمێکی نا وەلاَمە، پێی دەڵێی مامۆستا فلان بەخێر هاتی وەلاَمت دەداتەوە بە شێوەیەکی ناتەندروست و دەڵێ: خۆش بی حەمە، یان حاجی مەلا، یان کاك وەستا.

دەبینین ئەو کەسەی کە تۆ پێت گوتووە مامۆستا هەم لە ڕووی زانستی و هەم لە ڕووی بڕوانامەوە ئاسمان و ڕێسمانی بەینە لەگەڵ تۆدا، جا بەڕاستی ئەو تێبینیە زۆر لە جێی خۆیەتی کە ئەو کەسانە کەسانێکن دەبێ بەخۆیان دابچنەوە، چونکە کەسی ڕێزدار ئەگەر ڕێزت گرت دەڵێ: بەڕاستی منی چاوشۆڕ کرد، ئەوکەسەی کە ڕەشبینە دەڵێ: چ نیەو لێم دەترسێ، یان منداڵە، یان لە ڕووی زانستی و بڕوانامە من دان بەو نانێم، واتە خوو ڕەوشتێکی فیرعەنانەی هەیە، وەکو (جاهیلی مورەکەب) یان هەندێ کەس هەیە ئەگەر هەر هەنگاوێك پێشی کەوتی ئەگەر بە ڕوخسەتی ئەویش بێ، جا ئەو هەنگاوە کردار بێ یان ڕەفتار، قسەیەك دەکات یەکسەر ئەو ئایەتەت بیر دێتەوە، کاتێ حەزرەتی موسا دەچێتە لای فیرعەون، کە داوای یەکتاپەرستی لێ دەکات، لە وەلاَمدا دەڵێ: (قال الم نربك فینا ولیدا ولبثت فینا من عمرك سنین) (الشعراء: ١٨). ئەوە خۆی لەخۆیدا خورەوشتی کەسی ڕەشبینە، ئەگەرنا مرۆڤ دەبێ پێلاَوی مامۆستای خۆی لەلا بەڕێز بێت، نەوەك هەر مامۆستاکە، بەلاَم ئەگەر ئەو ڕەفتارێکی تری نەنواند چی بکرێت! کەسی ناتەندروست ئەگەر تۆ ببی بە سەعدی تەفتازانی هێشتا بەچاوێکی زۆر نزم سەیرت دەکات، واتە لای ئەو لای ئەو گیسك بە بیست ساڵیش نابیتە نێری.

جا بەڕاستی کاتێك هەندێ کەس ئاوا مامەڵە دەکات مرۆڤ خۆی پێناگیرێ، بیرمان نەچێ کە کۆمەڵە کەسانێك هەن ئەگەرچی لەئاستەکی زۆر بەرزن، بەلاَم زۆر بەڕێزن و (انصاف)یان هەیە، خۆیان لەسەر خەڵك هەڵناکیچشن بەچاوی سووك تەماشای خەڵك ناکەن، ئەگەر هاتباو ڕەشبینەکان لە جێی گەشبینەکان بووان ئەوە بینینیان هەر مەحاڵ بوو، خوای گەورە دەربارەی خواردنی غسلین دەفەرموێ (لا یأکله إلاّ الخاطئون)، لە بارەی ئەو نوسینەش من دەڵێم ئەو بابەتە هیچ کەس هەراسان ناکات مەگەر کەسانێك کە وەلاَمی خەڵك دەدەنەوە بە (تەحقیرو تەوبیخ و تەکەبوڕ و تەحەسوود) جا بۆیە دەڵێم ئەگەر کەسێکی دەتەوێ ڕێزت بگیرێ ئەبێ ڕێزی خەڵك بگری، جا ئەگەر لە جیاتی تەکریم و تەحبیبدا بێ ڕێزی بەدی کرا، ئەوە ئەو کەسەیە کە خوا دەربارەی دەفەرموێ (خسر الدّنیا والآخرة ذلك هو الخسران المبین).

# لقی هەولێر چەند وتاربێژێکی هەولێر خەڵات دەکات



**ڕاگەیاندنی لقی هەولێری زانایان:**
سەر لە بەیانی ڕۆژی (٢٠١٠/٨/٢٩) لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو، نوێنەری وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینیو، هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو دەوروبەرو، سەرجەم مەڵبەندو لقەکانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری، مەراسمێکی ڕێز لێنانی ساز کرد، بەمەبەستی پێشکەش کردنی بڕێك هاوکاری، وەك دیاری بۆ ئەو پێش نوێژو وتارخوێنانەی ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، لە ئەنجام دانی کارو چالاکییەکانی ئاینی تایبەت بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، بەسەرپەرشتی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی.

سەرەتا شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، وتەیەکی پێشکەش کرد، کەتیایدا، دوای بەخێر هێنانی ئامادەبوان، سوپاسو پێزانینی ئاراستەی ئەو مامۆستایانە کرد کە هاوکار بوونە لەگەڵ ڕاگەیاندنی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، بەتایبەت لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز، لە پاشان وتەی مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سعید گرتکی، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان خوێندرایەوە تیێدا دەستخۆشی لە لقی هەولێر کرد، لە پاشان وتەی وەزارەتی ئەوقاف، لەلایەن حاجی نوری قادر خوێندرایەوە، کە ئاماژەی بەهەماهەنگی پتەوی نێوان خۆیانو لقی هەولێری یەکێتی زانایان کرد.

# چالاکییەکانی لقی سۆران



**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:**

### * پێشبڕکێی لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز

لە مانگی ڕەمەزانی ئەمسالدا لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەهاوکاری ئەوقافی سۆران پێشبڕکێیەکی قورئانی پیرۆزی ئەنجامداو لەشەوی ٢٧ ڕەمەزان لەمەراسیمێکدا بەئامادە بوونی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆرانو بەرپرسو کارگێرانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان، دەرچوانی پێشبڕکێکە بەچەندین دیاری جۆراوجۆر خەڵات کران.

### * بەرنامەی (مینبەر)

لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەسەرکەوتووی کۆتایی بەبەرنامەی (مینبەر) لەمانگی ڕەمەزان هێنا، کە بەرنامەیەکی ئاینیە لەرادیۆی زاری کرمانجی دەڤەری سۆران هەموو هەفتە جارێك لەلایەن (م.یاسین ملاعبداللە چۆمبارۆکی) پێشکەش دەکریو مانگی ڕەمەزان دەبێتە ڕۆژانەو مامۆستایانی ئاینی میوانداری دەکرێنو بەرنامەیەکی راستەوخۆیەو هەربەرنامەو پرسیارێکی ئاینی تیادەکرێ و براوەکان خەڵات دەکرێن. ئەمسالیش بەهاوکاری ئەوقفی سۆران ٢٩ خەڵات دابەشکرانو بەسەرکەوتووی بەرنامەکە کۆتایی هات.

### * سەردانەکان

بەهاوڕێیەتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران بەرپرسو کارگێرانی لقەکەمان بەمەبەستی پیرۆزبای جەژنانە سەردانی چەندین مامۆستای ئاینیو کەسایەتیو دامودەزگا حکومیو حیزبیەکانی دەڤەری سۆرانیان کرد جەژنە پیرۆزانەیان ئاراستە کردن.

# سەرەقەڵەمێك لە ژیاننامەی مامۆستا مەلا ئیبراهیم شێخ ئاوەدەلی



زۆرن ئەوانەی ژیانیان لەپێناو ئایینو نەتەوەی خۆیاندا ناوەتەوەو ساتێك شك نابەن لە تەمەنیان لەو هەستە دابڕا بن، زانایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەمیشە بەوە سەربەرز بوونە، کە لەپێناو ئامانجێکی گەورەی ئایینیو نەتوەیی تێکۆشاونو خەمی زۆریان لەو لایەنەوە هەڵگرتووە، بەڵام کاتێ گێمان لەکۆچی یەك لەزاناکانیش دەبێ لاشەمان مووچڕکە دەیگرێ تەنها لەبەر ئەوەی ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەکوژێتەوەو لەئامانی کوردستان بۆشایەك دروست دەکات.

یەك لەو زاناو مامۆستا بەڕێزانەی کە وەك کەسایەتیو دڵسۆزو خەباتگێرو کوردپەروەرێك تێکۆشاو بەم دواییانە کۆچی کردو ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین مامۆستا مەلا (ئیبراهیم ڕەسوڵ) بوو، بە مەلا ئیبراهیم شێخ ئاودەلی ناسراو بوو، مامۆستا وێڕای ئەوەی مرۆڤێکی بەهەڵوێستو خاوەنی بیرو تێڕوانینێکی قووڵو قسە خۆش بوو، هەر کەسێ ئاشنایەتی لەگەڵ دروست کردبا خۆشەویستی مامۆستای دەکەوتە دڵ، چونکە مرۆڤێکی خاکیو لێبڕاوەو لێزانو بەئەمەك بوو.

لەکاری ڕێکخراوەیشدا مامۆستا وەك دڵسۆزێکی زانایانی کوردستان هەمیشە خۆی لەگەڵ ئەوانە داناوە کە خزمەتی مەلای کوردو حوجرەو زانستو ئەدەب ەکەن، بۆیەش هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان پەیوەندی بەم ڕێکخراوە تێکۆشەرە کردووە، لەگەڵ مامۆستایان مەلا عەلی شێخی چۆلیو مەلا وەیسی گرتکی گەورەو مەلا عوسمانی گوجەو چەند مامۆستایەکی تر کاروباری یەکێتی زانایانیان هەڵسوڕاندوە، وەخۆشی لەکۆنگرەی یەکەمی ئەم ڕێکخراوەدا ئەرکی سەرژمێری کردنی زانایانی ئایینی پارێزگای سلیمانی پێ دەسپێردرێ، کە زۆر بەسەرکەوتووی لەماوەی چەند شەو ڕۆژێك بەوپەڕی لێهاتووی ئەرکەکە ڕادەپەڕێنێت، وە لەدوای ڕاپەڕینیش دەبێتە جێگای متمانەی زانایانی ئایینیو بەشداری تەواوی کارو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەی کردووە، دواجاریش ئەندامی لیژنەی فەتوای سۆران بووە.

مامۆستا مەلا ئیبراهیم ڕەسول ئیبراهیم لەناوچەی پشدەر لەدێی (شێخ ئاودەل) لەبنەماڵەیەکی ئایینی نیشتمان پەروەر لەساڵی (١٩٣٩) لەدایك بووە، لەتەمەنی منداڵی لەخزمەت مامۆستا مەلا ئەحمەد عەزیز دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو گوڵستانی سەعدی کردووە، ئینجا هەر بەمەبەستی خوێندنی شەرعی چەند ماددەیەکی وەك (عوامل الجرجانی)و (ئینموزەج)و چەند ماددەیەکی تر لەخزمەت چەند مامۆستایەکی دەڤەرکەی وەك (مەلا خدری سیپەرو مەلا عبداللەی حاجی بایزیو مەلا پیرۆتی گورگە) دەخوێنێت، ئینجا هەر بۆ هەمان مەبەست چەند شارۆجکەیەك دەکات، بۆ چەند ساڵێکیش ڕووی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووەو لەلای مامۆستا (مەلا حەسەن بێناستو مامۆستا مەلا نجم الدین لاجانیو مەلا خدری میراوە) (تهذیب الکلام ومختصر المعاني) دەخوێنێت، یەکێ لەو گوندانەی بەمەبەستی خوێندن ڕووی تێدەکات گوندی زانست پەروەری (گرتك)ی دۆلی ڕوستی باڵەکایەتی بوو، کە لەخزمەت مامۆستا مەلا وەیسی گرتکی دەبێتو چەند ساڵێك لە حوجرەی گوندی گرتك دەبێتو ماددە کۆتاییەکانی شەرعی لەوێ وە دەخوێنێتو تادواتر خۆشبەختانە لەساڵی (١٩٦٦) لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر ئیجازەی عیلمی لەخزمەت مامۆستای ناوبراو وەردەگرێت.

بۆ ماوەی چەند مانگێگ دوایی وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی هەر لەخزمەت مەلا وەیسی دەمێنێتەوە، مامۆستا لەچەندین گوندو دێهاتو شارو شارۆچکەی ئەم کوردستانە خزمەتی ئایینی پێشکەش کردووە، لەهەر گوندێك مامۆستا لێی مابێتەوە هاوکات لەگەڵ وتار دان بواری تەدریسی لەیاد نەکردووە بەتایبەت کاتێ ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت بۆ چەند مانگێك لەخزمەت مامۆستا مەلا وەیسی گرتکی گەورە خەریکی تەدریس بووە، وە لەهەر گوندێك مامۆستا ڕووی تێ کردبێت کۆمەڵێك قوتابی پێ گەیاندوون بۆ نموونە کاتێ بەمەبەستی خوێندن ڕوودەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات یازدە قوتابی هەبوونە، ئەو گوندو دێهاتانەی مامۆستا لەناویان دا ژیاوە گوندەکانی (گوندە ژوورو خەلانو پێقەپوشك) بووە، ئینجا ڕوودەکاتە ناوچەی سیدەکان لەگوندی بۆلێ دەبێت، وە لەگوندی هەسنانو ناوڕین خزمەتی ئایینی پێشکەش کردووەو کاری مەلایەتی کردووە، ئینجا ڕوودەکاتە گوندی (زینوێ)ی باڵەکایەتیو دواتر لەکۆمەڵگای کەسنەزان نیشتەجێ دەبێت، وەدوایی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مامۆستا ڕوو لەقەزای چۆمان دەکاتو چەند ساڵێکیش لەمزگەوتی دێلزەی قەزای چۆمان درێژە بەخزمەت کردنی ئاینو پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەدات.

دواتر لەمزگەوتی گەرەکی ئازادی لەشارۆچکەی دیانا وەك پێش نوێژو وتارخوێن خزمەتی ئایینی پێشکەش دەکات، مامۆستا لەساڵی ١٩٦٧ خێزانی پێکهێناوە، وە لەبواری ئەدەبو شیعری کوردی مامۆستا زۆر تامەزرۆی شیعرەکانی نالیو وەفایی بووە، وەخۆی زۆرێك لەقصیدەکانی مولودی پێغەمبەری لەعەرەبییەوە کردۆتە کوردی، بارودۆخی بواری ئابووری ڕێگر بووە لەبەچاپ گەیاندنیان، وە هەروەها پەرتوکێکی هەیە بەناوی (مام ڕوستەم دڵ پڕ لەغەم) وە نامیلەکەیەکی تریش لەبارەی (علم التجوید) بەڵام ئەمانەشیان هەر چاپ نەکراون.

وەلێ مخابن دوای بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٩ کۆچی دوایی کردو لە مەراسمێکی شایستە لە گۆرستانی بەرگوان لەشاری سۆران بەخاك سپێردرا، ماوەتەوە بڵێین هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەو زانا پایە بەرزانەی ژیانیان بە زانستو هەوڵدانیان بە خزمەتکردن درەوشادەوەو بوون بە ئەستێرەی ئاسمانی کوردستان، بەتایبەتی مامۆستا مەلا ئیبراهیم شێخ ئاودەلیو خوای گەورە بە بەرڕەزامەندی خۆی بخات.

# لقی شەقڵاوە پێشوازی لە لقی ٢٤ی پارتی دەکات



ڕۆژی سێشەممە ٢١ ڕەمەزانی ١٤٣١ بەرامبەر ٢٠١٠/٨/٣١ لقەکەمان پیشوازی کرد لەشاندێکی لقی (٢٤) سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە: بەرپرسی لق بەڕێز بلّند اسماعیل بەیاوەری هەردوو کارگێری لق بەڕێزان هەڤاڵ ئاکۆ لەگەل بەڕێز کاك هەژار زەخۆك وە سەردانەکەیان بەمەبەستی پیرۆزبایی بوو لەستافی نوێی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی هازکات لەگەل خۆیان بڕێك یارمەتیان هێنابوو وەکو هاوکاریەك بۆ مامۆستایانی سنوری لقەکەمان وە لەلایەن بەرپرسو ئەندامانی لقەکەمان دەستخۆشی لەو هەنگاوە پیرۆزەی بەڕێزیان کرد بۆ هاوکاری کردنی مامۆستایانی ئاینی.

لەکۆتایی دانیشتنەکەدا هەردوولا بەڵێنی هەماهەنگیو پەیوەندی نێوانیان دا بۆ خزمەتی سنورەکە.

# بەهاوکاری کۆمپانیای بەڕێز لقی چەمچەماڵ (٥٢) زانای ئاینی خەڵات دەکات



**ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ:** ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١٠/٩/٢و بە ئامادەبوونی مامۆستا (وەهاب شێخ عومەر سەنگاوی) لێپرسراوی لقو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینیو ئەندامانی یەکێتی زانایانی سنوری لقی چەمچەماڵو نوێنەرانی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوەکانو چەند کەسایەتییەکی ناوچەکە، لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان بەبۆنەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانو وەك دەستخۆشیو ماندونەبونییەك لە زانایانی ئایینی، خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشی بە (٥٢) مامۆستای ئایینی سنورەکە، کە زۆربەیان وتار خوێن بوونو هەندێکیشیان لەو زانا ئاینییە ڕیش سپیانە بوون کە چەندین ساڵە لەبواری فەتواو خزمەت کردنی موسڵماناندا کاردەکەن.

شایەنی باسە لە دابین کردنی ئەو خەڵاتانەدا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی گروپەکانی کۆمپانیای بەڕێز هاوکاری لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان بوو.

لەبارەی هەستو سۆزی ئەو زانایانەی کە ئامادەی ئەو مەراسیمە بوون چەند مامۆستایەك خۆشحاڵیان دەربڕی لەوانە مامۆستا مەلا شاخەوان وتاربێژی مزگەوتی گەورەی ناحیەی سەنگاو وتی: ئەم خەڵاتی ڕێزلێنانە یەکەم جارە دەیبینم لەسەر ئلستی کوردستانو هیوادارین نموونەی ئەم کارانە زۆربێت وە ئێمە بەتەواوی هەستمان بەزیندوێتی یەکێتی زانایان کرد کە جیاوازی نەکرا لەنێوان زانایاندا .

مامۆستا مەلا عبدالسلام ڕەئوف وتاربێژی مزگەوتی ڕاپەڕین لە قەزای چەمچەماڵ وتی: مەرج نییە خەڵاتەکان ماددی بن، ئومێد دەکەم ئەو هەنگاوە ببێتە هاندەرێکی باش بۆ زانایان. وە لەداهاتوودا دەکرێت ئەو جۆرە مەراسیمانە خەڵکی زیاتر و شایستە تری بۆ بانگێشت بکرێتو گرنگی پێ بدرێت.

# لقی سۆرانی یەکێتی زانایان سەردانی دەڤەری مێرگەسور دەکات

بەمەبەستی هەڵبژاردنو دەست نیشانکردنی ستافی نوێی ل.ن مێرگەسوری یەکێتی زانایان سەر لەبەیانی ٢٠١٠/٩/١٦ پێنج شەممە شاندێکی لقەکەمان، کە پێکهاتبوون لە بەرپرسو کارگێرانی لق، سەردانی دەڤەری مێرگەسوریان کردو بەسەرپەرشتی لقەکەمان لەبارەگای ل.ن.ستافی نوێی ناوچەکە هەڵبژێردراولەم ڕۆوە دەست بەکار دەبن. هەر لەدرێژەی سەردانەکەدا لقەکەمان (تێبینەرایەتی ئەوقافی مێرگەسورو ناوچەی پارتی مێرگەسور) بەمەستی هەماهەنگیو هاوکاری کردە ئامانجی سەردانەکەیان.

# بەهەماهەنگی ناوەندی چالاکی لاوان لقی هەولێری یەکێتی زانایان کۆتایی بە خولێکی قورئان خوێندن هێنا

ڕاگەیاندنی لقی هەولێری یەکێتی زانایان: سەر لە ئێوارەی ئەمرۆ، لەژێر چاودێری (شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی) بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو، بە هەماهەنگیو، سەرپەرشتی ناوەندی چالاکیو پێگەیاندنی (٣) لاوانی هەولێر، لەبارەگای ناوەند، خولی(فێربوونی قورئانی پیرۆز)، کە لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەم خولە دەستی پێکردبوو، کۆتایی پێ هێندرا.

شایەنی باسە مەلا سەید صد یق کە پرانی، بەناوی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، وتەیەکی پێشکەش کرد، کە تیایدا وێڕای دەستخۆشی لە ناوەندی (٣) لاوان، پیرۆزباییەکی گەرمی لە قوتابیانی بە شداربوو لە خولەکە کرد، لە پاشان دیاری لقی هەولێری یەکێتی زانایانی، بە سەر تێکڕای قوتابیانو، مامۆستایانی خولەکە دابەش کرد.

## بەریتانیەکان لەدژی سەردانی پاپا ئینجیل دەسوتێنن .... پ

هاتووە کە گوتویەتی: ئەگەر پاپاو کڵێسا نەتوانن پەیامەکانی ئینجل جێبەجێ بکەنو مافی بێ دەسەڵاتو منداڵان بدەن، ئەو ئینجلە بۆ سوتاندن باشترە.

شایانی باسە ماوەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن باسی چەندین روداوی دەستدرێژیو سێکیو ئابڕوبەرانە دەکەن کە لەنێو کڵێساو لەخودی قەشەکان روویانداوە، بەهۆیەوە پاپا رووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوویەوە.

بەپێی راپۆرتێکی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە، خۆپیشاندانەکان تەنها لەسەر ئەوە نییە، کە قەشەکان لەناو کلێساکان دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر منداڵان، بەڵکو لەبەرامبەر لایەنی ئابووریشە، کە تەنها ئەو سەردانەی پاپا بۆ بەریتانیاو پاراستنی لایەنی ئەمنی (١٨,٦) ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت.

## ناردنی حاجییەکان بە شەش ملیۆن.... پ

تیرو پشکی ناوی حاجیان رەتی کردەوە هیچ شتێکی لەو شێوە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەبێت، مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف گوتی: ئەو بڕیارە بە نوسراوێکی رەسمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەی عیراقی بۆ وەزارەتی ئەوقاف هاتووە، کە ٢٠٠ کەس بۆی هەیە لە دەرەوەی تیرو پشك بە شەش ملێۆن سەفەری حەج بکات، من پێم وایە لە بنچینەدا بریارێکی هەڵەیە، پێم باش بوو حکومەتی عیراقی خۆی ئەو شێوەی ناردنی حاجیان یەك لایی بکاتەوە، چونکە بەلای ئێمەوە شتێکی ناشەرعیەو تیجارەتێکە بەو ناوەوە دەکرێ.

هەروەها گوتیشی: ئەو بڕیارە پەیوەندی بە ئێمەوە نیەو لە وەزارەتی ئەوقافیش بڕیاری لەو شێوە دەرنەچووە.

پەیام
خاوەنی ئیمتیاز
مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید
amalazada@gmail.com
سەرنووسەر
جەعفەر گوانی
٠٧٥٠ ٤٥٢ ٢٣٠٥
cefergwani@gmail.com
بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
s_sherkaway@yahoo.com
ستافی کار
طیب زیارەتی
درود بالیسانی
طه شمس الدین
ناونیشان
هەولێر - شەقامی شەست مەتری سێڕیانی
ڕێگای موسڵ - بارەگای مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایان